# پەیامی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵیادی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەیادی ڕاپەڕینی شکۆداری ساڵی 1991ی گەلی کوردستاندا پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی خەڵکی کوردستان دەکات.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردۆتەوە" لە سی و سێیەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی شکۆداری ساڵی 1991ی گەلی کوردستاندا، گەرمترین پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم. ڕۆز و پێزانینم بە هەموو تەکۆشەران و کوردستانپەروەران و بەشدارانی ڕاپەڕین و بە هەموو ئەوانەی لە کاروانی ئازادی و سەرفرازی و پێشکەوتن و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی هەرێمی کوردستاندا، ڕەنجیان دا و ماندوو بوون، درود بە گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی لەم ڕۆژەیدا گیانیان بەخت کرد.

ڕاپەڕینی ئاداری 1991، یەکێکە لە گرنگترین ڕووداوە بەرهەمدارەکانی مێژووی کوردستان و شانازییەکی گەورە و سەروەرییەکی مەزنی گەلی کوردستانە، کە بەرهەمی یەکێیزی و یەکگرتوویی سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان و هێز و لایەنە کوردستانییەکان بوو، ڕێتکردنەوەی یەکجارەکیی ستەم و

داگیرکاری و ژەردەستەیی بوو، بەرهەمەکەی دروستبوونی قەوارەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە شەرعی و دەستوورییەکانی هەرێم بوو.

ئەمە کە یادی ٢٥ی پێنجەمین دەکەینەوە، زەر گرنگە و پێویستە هەموو لایەن و پێکهاتە و هەر تاکێکی کوردستانی، بە یەکیزی و یەکدەنگی، داکۆکی لە دەستکەوتە نیشتمانییەکان و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بکەن.

بەیە پێویستە قەوارەی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان و بەها بەرزەکانی ٢٥ی پێنجەمین و بنەماکانی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە و ئاشتیخوازی و مرۆڤدۆستیی گەلی کوردستان، هەمیشە بپارێزین و گۆشیان پێ بدەین، بە دەنیاییشەوە سەروەریی هەموومان بەندە بە بوونی کوردستانەوە.

با یادی ٢٥ی پێنجەمین، هاندەری زیاترمان بێت بە ئەوەی پشتیوانی قەوارەی دەستووری هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بین، تا بتوانێت بە باشترین شێوە، خزمەتێکی شایستەتر پێشکێشی سەرجەم خەڵکی کوردستان بکات و بەیەکەوە، هەرێمی کوردستان، بەرەو قۆناغێکی گەشەسەندووتر ببەین.